# دلبای گۆرانیبێژ و سەماکەری بەناوبانگی کورد لەسوید پێشەنگە



دلبا کچە کورد لەباکووری کوردستان لەدایکبووە، لەوکاتەی دلبا تەمەنی تەنها چوار ساڵ بووە لەگەڵ خێزانەکەی وەکو پەناهەندە رویان لەوڵاتی سوید کردووەو لەشارەکانی ئوپسالاو کارلستاد نیشتەجێبوونە. دلبا چوار خوشك و برای دیکەی هەیە، دلسا، دلنارین، دلبەر و ئاسان.

ئەوکاتەی دلبا چۆتە باخچەی ساوایان دەستی کردووە بەفێربوونی پیانۆ. هەروەها خۆی لەسەر ژەنینی ئامێری گیتار راهێناوە. ئەو خانمە کوردە سەرەتا بە DJ دەستیپێکردووە، پاشان وەکو کۆڕس لەگەڵ گۆرانیبێژە ناودارەکانی سوید وەکو جنێفەر براون و ئێریك گاد بەشداربووە.

لەساڵی ١٩٩٦ دلبای کچە گۆرانیبێژی تازە پێگەیشتووی کورد یەکەمین ئەلبوومی خۆی بەناوی دلبا بڵاوکردۆتەوە. پاشان بەتەنها گۆرانیەکی دیکەی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (I'm sorry) واتە (بمبەخشە). هەموو هۆنراوەکانی گۆرانیەکانی ئەو ئەلبوومە لەلایەن دلبا خۆیەوە نوسراوە. ئەلبومی یەکەمی دلبا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا، هەروەها ئەو ئەلبومە دوو خەڵاتی (Grammy) و (Aftonbladet)ی بەدەستهێناوە کە گەورەترین خەڵاتی مۆزیکی سویدییە، ئەو خەڵاتەش لەئەنجامی راپرسیەکی گەورەترین رۆژنامەی سویدیەوە بوو.

ئەلبوومی یەکەمی دلبا تەنها لە سوید زیاتر لە ١٠٠ هەزار دانەی لێفرۆشرا. پاشان لەساڵی ١٩٩٩ دووەمین ئەلبومی دلبا بەناوی (You & I) واتا (تۆ و من) بڵاوکرایەوە. ئەو ئەلبومەی دلبا تەنها ٢٠ هەزار دانەی لێفرۆشرا. ئینجا لەبەهاری ٢٠٠٣ سێیەمین ئەلبومی دلبا بەناوی (Revolution) واتە (شۆڕش) بڵاوکرایەوە، هاوشان لەگەڵ ئەو ئەلبومەیدا تاکە گۆرانیەکیشی بەناوی (هەموو شتە بچووکەکان) بڵاوکردەوە کە ئەوکات پانتایەکی فراوانی رادیۆکانی داگیرکردبوو. دلبا بە هەر سێ زمانی کوردی و ئینگلیزی و سویدی گۆرانی دەڵێت. لەساڵی ٢٠٠٥ دلبا گۆرانیەکی بەناوی (Miracle) بەواتای (موعجیزە) ئامادەکردووەو کراوە بە سکۆری زنجیرەی تەلەڤزیۆنی (Kommissionen) لە تەلەڤزیۆنی SVT.TV سویدی.

دلبا بەیەکێك لەو کچە گۆرانیبێژانە دادەنرێت کە لەساڵانی نەوەدەکان زۆرترین پیرۆزبایی لێکراوە لەسوید. ئەوەی وایکردووە دلبا سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بێنێت ئەوەیە کە دلبا خۆی ژەنیارەو ئاواز بۆ گۆرانیەکانی دادەنێت و بە سێ زمانی جیاواز و بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە و بەهەناسەیەکی بەسۆز گۆرانیەکانی دەچڕێت.

پێویستە بگوترێ، ئێستا خاتوو دلبا یەکێکە لەڕکابەرە سەرەکییەکانی پێشبرکێی دانس بەناوی (LETES DANCE) کە لەکەناڵی ٤ ی سویدی نیشاندەدرێت. ئەو پرۆگرامە هەموو ڕۆژانی هەینی پێشکەش دەکرێ، دلبا لەپرۆگرامی ڕابردوودا بەهاوکاری مامۆستاکەی خۆی بەناوی (Tobbais Wallin) سەرکەوتنی بۆ خولی دووەم مسۆگەرکرد. پێشبینی دەکرێ هونەرمەندی ناوبراو لەخولەکانی داهاتوودا سەرکەوتنی گەورەتر بەدەستبهێنێ و سەری نەتەوەکەی لەوڵاتە مۆزائیکییەکەی سوید بەرز بکاتەوە.







## مەلەک رۆژهات:




دیمانە/ فایلی هونەری

■ ئەگەر بڕوانینە کاروانی خانمە هونەرمەندانی کوردستان لە هەر چوار پارچە داگیر کراوەکی وڵاتی ئێمەدا دەبینین هەمیشە وەك ئافرەت دووچاری رەگەز پەرستی بوونەتەوە و پیاو و کۆمەڵگا و داگیر کاران بوونەتە سێکوچکەیەك بۆ رێگە گرتن و ئاستەنگ لەبەردەمی بۆ ئەوەی ئەویش وەك هەر ئافرەتێکی نەتەوە و گەلێکی دیکەی سەر زەمین بتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت وەك هونەرمەندێك و تەنانەت بۆ ئێمە وەك کورد ئافرەتیش شان بە شانی پیاو سڵی نەکردووە لە بەرگری کردن لە وڵات و نیشان دانی ئێش و ئازارەکانی میللەتی کورد بە جیهان لە رێگای هونەرەوە، کەچی وەك مێینە بە شێوەیەك لە شێوەکان گرفت و بەربەستی زۆری بۆ دانراوە و هیچ ئافرەتێکی کورد رێگا بە گوڵ نە نەخشێنراوە بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت بەهرە و تواناکانی خۆی دەربخات، مەلەك رۆژهاتیش یەکێکە لەو کچانەی کە هەمان ئێش و ئازاری بینیوە، مەلەك لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی باشقالی شاری وان لە باکووری کوردستان چاوی بە ژیان هەڵهێناوە و وەك دەیان کچ و کوڕی ئەو شارەی ژێر دەستی داگیرکار و دوژمنانی کورد هەست بە بەهرەی دەنگخۆشی کراوە و ملی داوەتە بە گۆرانی گوتن سەرەڕای ئەو ئاستەنگە کۆمەڵایەتیی و سیاسییانە هاتوونەتە سەر رێگای و بوون بە کۆسپێکی گەورە،بەڵام سڵی نەکرد و بەردەوام بووە لەسەر درێژە پێدان بەم کاروانە، لە چەند رۆژی رابردوو کچە گۆرانیبێژ مەلەك رۆژهات لە شاری هەولێر بوو بۆ ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم دیمانەیەی لەگەڵدا ساز بکەین.■



*** کەی دەستت بە کاری هونەری کردووە؟**

- لە ساڵی ٢٠٠٤ دەستم بە کاری هونەری کردووە هەر ئەو ساڵ ئەلبوومێکم تۆمار کرد، ئێستاش بە نیازم لە باشووری کوردستان بەرهەمێکی نوێ بڵاو بکەمەوە کە چەند گۆرانییەکی جیاجیا لە خۆ دەگرێت، سەرەڕای چەند کارێکی دیکەی هونەری وەك کۆنسێرت، هەروەها من ئەم ساڵ لە کوردستان بەشداریم لە ئاهەنگی سەری ساڵدا کرد و لەگەڵ هونەرمەند بڵند ئیبراهیم چەند گۆرانییەکمان بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرد ە ئاهەنگەکەش لە سەتەلایتی کوردستان راستەوخۆ گوازرایەوە.

*** ئافرەتی کورد کە رێگای هونەری هەڵدەبژێرێت رووبەڕووی چەند ئاستەنگێك دەبێتەوە چ لە لایەن کۆمەڵگاوە یان لە لایەن داگیرکەرانەوە بۆ نموونە تۆ لە تورکیا دەژیی، ئەمە بۆ تۆ چ گرفتێکی دروست کرد؟**

- ئەوەی راستی بێت من دەمەوێ لە رێگای ئێوەوە بڵێم نازانم بۆچی سەرەڕای ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی حکومەتی تورکیا بۆ ئێمەی دروست دەکات دەبینین زۆر لە دایك و باوکانمان رێگا نادەن کچان روو لە کاری هونەری بکەن و تەنانەت رێگای بەردەوام بوونیان لێدەگرن لە خوێندن و زۆر بە سادەیی دەڵێن با کچانمان بچن بۆ خۆیان لە تەمەنێکی زوودا شوو بکەن بۆ ئەوان و ئێمە زۆر باشترە، من خۆیشم دووچاری ئەو بارودۆخە بوومەوە و لە رێگای خانەوادەکەمەوە زۆر ئاستەنگم بۆ دروست بوو، هەروەها حکومەتی تورکیاش لە زۆر ئاهەنگەکانی نەورۆزدا رێگایان نەدا ئێمە گۆرانی بڵێین ئەمەش بۆ من کارێکی سەخت بوو، بەڵام من گوێم بە هیچیان نەدا و بەردەوام بووم لە کاری هونەی خۆم و تا هێزیش لە لەشمدا مابێت هەر بەردەوام دەبم لە گۆرانی گوتن.

*** تۆ دەڵێی لە لایەن خانەوادەکەتەوە گرفتت بۆ دروست بوو کەچی ئێستا باوکت لەگەڵتدایە و کار ئاسانیشت بۆ دەکات؟**

- باوکم زۆر هاوکاری کردم، بەڵام کە دەڵێم خانەوادەکەم مەبەستەم دایکم و مام و خاڵەکانم کە ئەوان بە هەموو شێوەیەك رێگر بوون لەوەی من وەك ئافرەتێك گۆرانی بڵێم و پێیان وابوو ئەمە لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگای کوردەواری ناگونجێت و نابێ ئافرەت گۆرانی بڵێن هەرچەند لە خانەوادەکشمان پێشتر گۆرانیبێژ هەبووە، بەڵام ئەمە تەنیان بۆ من نەبووە بەڵکو هەموو هەر کچێکی کورد رووی لە بواری هونەر کردبێت دووچاری ئەم بارودۆخە بووەتەوە و رەنگە هەندێکیان هەر نەیان توانیبێت بەردەوام لەم کارە و درێژە پێدانی بە هونەر سەرەڕای ئەوەی خاوەن توانا و بەهرەی هونەری زۆریش بوون.

*** ئێستاش دوای ئەوەی بەردەوامیت بە کاری هونەریدا، بیروبۆچوونی خانەوادەکەت هەر نەگۆڕاوە؟**

●●●

**زۆر لە دایک و باوکانمان رێگا نادەن کچان روو لە کاری هونەری بکەن و تەنانەت رێگای بەردەوام بوونیان لێدەگرن لە خوێندن و بە سادەیی دەڵێن با کچانمان بچن بۆ خۆیان لە تەمەنێکی زوودا شوو بکەن**

●●●

- هەندێکیان بیروبۆچوونیان گۆڕیوە و تا رادەیەك پشـــتیوانیم لێدەکــەن بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆیان دورکەوت من لە رێگای هونـــەرەوە زمان و کلتوری میللەتی کوردی ژێردەســـت و وڵات داگیرکــــراو دەڵێمەوە و گۆرانییە رەســـەنەکانی زیندوو دەکەمەوە



دەیانپارێزم و هیوا و ئاوتەکانیان لە بۆ جیهان دەردەخەم و هەوڵ دەدەم میللەتی کورد بە ئازادی و ئاشتی و شادبێت .

*** لە گۆرانیبێژەکان کامیان زیاتر کاریگەرییان بەسەر تۆوە هەبووە؟**

- من ســـەرەتا زۆر بەدەنگی شـــیریڤانا کوردی سەرسام بووم و لە دڵەوە حـــەزم دەکرد بگەم بە ئاســـتی ئـــەو و دەنگم وەك دەنگی ئەو خۆشبێت و زۆریش گوێم لە گۆرانییەکانی دەگرت، بەڵام گوێ لە گۆرانیبێژەکانی دیکەش دەگرم وەك فاتێ، گولیســـتان، شـــڤان پەروەر، محەمەد شێخۆ،محەمەد عارف و زۆربەی هونەرمەندە رەسەنەکانی کورد.

*** بۆچـــی ناوی (مەلەك رۆژهـــات)ت هەڵبژارد لە کاتێکدا ئەمە نازناوی خانەوادە و گوند و ناوچەی تۆ نییە؟**

- مەبەستم لە ناوی رۆژهات ئەوەیە کە رۆژی ئێمەی کوردیش هاتووە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئێمەی کوردیش بە مافە رەواکانی خۆمان بگەین وەك هەموو گەلانی جیهان.

*** لە شاری وان لە هیچ گروپێکی هونەریدا بەشداری ؟**

- بەڵێ من بەشداریم لەگەڵ چەند گرووپێکدا کردوو و ئێستاش خۆم ئامادە دەکەم بۆ ساز کردنی چەند کۆنسێرتێکی تایبەت.

*** گۆرانییەکی هاوبەشـــت لەگەڵ هونەرمەند بڵند ئیبراهیم گوتووە، ئەمە چۆن بوو؟**

- من پێشتر ناوبانگی هونەرمەند بڵند ئیبراهیمم بیست بوو و یەکێك لە دیمانەکانیشـــیم بینی بوو، ئەوەی راستی بێت من خۆم حەز ناکەم گۆرانی هاوبەش واتە دۆیۆ لەگەڵ هیچ هونەرمەندێك بڵێم، کاك بڵنـــد داوای لێکردم کە من بەشداریی بکەم لەگەڵی لـــەم گۆرانییـــەدا بۆیە منیش رازی بـــووم، گۆرانییەکـــەش گۆرانییەکی نیشتیمانپەروەرییە بۆ ئاماژە بە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکات ئەمەش زیاتر هاندەرم بوو کە بەشدار بم .



*** هەســـتت چۆن بوو کاتێك سەردانی کوردســـتانی ئازادت کرد؟**

- مـــن و هـــەر کوردێك لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانە زۆر دڵخۆش دەبـــی کاتێك دەبینی پارچەیەکی گرنگی وڵاتەکەمان ئازادە، هەمیشە هزر و خەیاڵمان ئەوە بوو کە دەبێ کوردستانی ئازاد چۆنە، خەڵك و حکومەتەکەی چۆنە،کاتێك هاتمە ســـەر سنوور و ئاڵای کوردستان بینی هەستم بە خۆشـــی وشـــادییەك کرد کە وەســـف ناکرێت و ئەو کاتە بۆم دەرکەوت کە پێویســـتە مرۆڤ بە هەموو هێز وتوانایەکی هەوڵ بدات بۆ ئەوەی ئازادی بۆ خۆی و وڵاتەکەی بەدەســـت بهێنێت ئەگەر بۆ کاتێکی کەمیش بێت و پێویســـتی بە قوربانی زۆریش هەبێت.

**●●●**
**بێگومان دوژمنان چاویان بەوە هەڵنایە کە ئەمرۆ پارچەیەکی کوردستان ئازادە و میللەتی کورد لە ژێر دەستی ئەوان رزگاری بووە**
**●●●**

*** دوژمنانی کوردســـتان هەمیشە هەڕەشـــەمان لێدەکەن وەك هونەرمەندێکی ئافرەت ربۆچوونی تۆ چییە بۆ ئەم هەڕەشانە؟**

- هونەرمەند شـــڤان پەروەر دەڵـــێ بەرخودان ژیان، منیش پێم وایە پێویســـتە خەبات و بەرخودانی ئێمە بەردەوام بێت، بێگومان دوژمنان چاویان بەوە هەڵنایە کە ئەمرۆ پارچەیەکی کوردســـتان ئازادە و میللەتی کورد لە ژێر دەســـتی ئەوان رزگاری بووە ئەم هەڕەشـــانەش کارێکی ئاساییە بۆ ئەوان، بەڵام پێویستە ئێمە یەك هەڵوێست و بیروڕامان هەبێت بۆ دوژمنان، چونکە بە یەکگرتنی ریزەکانمان دەتوانین هەموو هەڕەشە و پیلانەکانیان پوچەڵ بکەینەوە و نەهێڵین دڵیان خۆش بێت، ئێمە پێویســـتە دەســـتی ئاشتی بۆ هەموو لایەك درێژ بکەین، چونکە ئێمە میللەتێکی ئاشتیخوازین، هەروەها پێویســـتە میللەتی کورد لە هەموو پارچەکان بە گشتی و باشـــوور بە تایبەتی پشتگیری لە ســـەرکردایەتی کورد بکات و پشـــتیوان و هاوکاری بڕیارەکانی بێت بـــۆ ئەوەی بتوانین ئەم ئازادییە ئێستا هەیە بەردەوام بێت.

*** تۆ دووەم جارە ســـەردانی باکووری کوردســـتان دەکەیت چ جیاوازییەکـــت بینی لە نێوان هونەری گۆرانی گوتن باشـــوور و باکوور دەبینی؟**

- دیارە ئازادبوونی باشوور جیاوازییەکی دروستکردووە لەنێوان هونەر و ئاســـتی هونەر و ئەو شێوازەی پێشکەش دەکرێت، لەبەر ئەوەی تا ئێســـتا باکـــوور لەژێر دەســـتی داگیرکاردایە دەبینین گۆرانییەکانی زیاتر مۆرکی سیاســـی و وڵاتپارێزی پێوە دیارە، هەرچەندە بەشێکی زۆری گۆرانییەکانیش خۆشەویستین و باس لە ســـەربوردەی عەشـــقێك دەکات، بەڵام لە باکوور ئەم شێوازە تا رادەیەك کەمترە لەبەر ئەوەی ئەم پارچەیە ئازادە ولەژێر دەســـتی داکیر کاردا نییە، گۆرانییەکانی دەتوانین بڵێین مۆرکی سیاسی کەمترە و دەبینین باســـی دڵداری تێدا زاڵترە لە سروود و گۆرانی سیاســـی و وەڵاتپارێـــزی ئەمەش بە لای منـــەوە کارێکی زۆر ئاساییە.

*** ئەی ئاستی هونەر لە باکوور چۆن دەبینی؟**

- ئەوەی راســـتی بێت وەك پێویست نییە هەرچەندە ژمارەیەك زۆر هونەرمەنـــدی بە توانا و خـــاوەن بەهرە دەرکەوتوون وەك بڵند ئیبراهیم، حەسەن شەریف، زەکەریا، چۆپی فەتاح، سامان عومەر و چەندین هونەرمەندی دیکـــەش کە توانیویانە خزمەتێکی زۆر بـــە هونەری کوردی بکەن لە زۆر رووەوە، چونکە ئەو ئازادییەی کە ئێســـتا هەیە دەرفەتی دەبوایە کاری رەسەنی زیاتر پێشکەش بکرێت کە رەنگدانەوەی ئەوە ئازادییە بێت کە هەیە وەك بڵێی ئەم ئازادییە بە باشی نەقۆزراوەتەوە.

*** هیـــوا و ئاواتەکانـــت چیـــن وەك مرۆڤێـــك و وەك هونەرمەندێك؟**

- ئەمرۆ پارچەیەکی کوردســـتان ئازادە، هیوا و ئاواتم ئەوەیە گشـــت پارچەکانی دیکـــەش ئازاد ببـــن و میللەتی کورد یەك بگرێتەوە و بە ئاشـــتی و ئازادی لەســـەر خاکـــی خۆی بژیت، هەروەها یەك زمانیشمان هەبێت،وەك هونەرمەندیش هیوا و ئاواتم ئەوەیە لە کوردســـتانی ئـــازاد درێژە بـــە کاری هونەری بدەم و نەورۆزی ئەم ساڵ لەگەڵ خوشك و براکانم لێرە بە ئازادی بەسەر بەرم و بەدەنگ و هونەری خۆم خزمەت بە گەلەکەم بکەم.

## هونەرمەند سامان عومەر بۆ گوڵان:

# ئێمەی هونەرمەندیش دەبێ باڵێکی چالاک بین بۆ پێشخستنی شاری کەرکوک بۆ ئەوەی بڵێین کەرکوک شارێکی کوردستانییە



***■ هونەرمەندی دەنگخۆش سامان عومەر دوای تێپەڕبوونی دوو ســاڵ لەسەر بڵاوکردنەوەی دوایین بەرهەمــی خۆی ( من وەك تۆ نیم) ئێســتا خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێ، لە هەمان کاتدا لەم ماوەیە چەندین ئاهەنگی لە دەرەوەی کوردستان ساز کرد، لە دەرفەتێکدا هونەرمەند سامان عومەرمان رووبەرووی چەند پرسیارێك کردەوە و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.■***

●●●

**کار کردن هەر ئەوە نییە تۆ لەسەر شاشە دەرکەوی و کلیپێک تۆمار بکەی، بەڵکو پێویستە رووبەرووی جەماوەرەکەشت بیتەوە**

●●●

*** با لە ئاهەنگەکانی ســەری ساڵەوە دەست پێبکەین، هۆی چی بوو جیا لە زۆربەی هونەرمەندان لە شاری کەرکوك ئاهەنگی سەری ساڵت ئەنجامدا؟**

- من بەر لەوەی هەر کارێك بکەم پێشــتر بەرنامەی بۆ دادەنێم بۆ ئەوەی بزانم چی دەکەم، ئێمەی هونەرمەندان کەم تەرخەمین دەربارەی مەســەلەی کەرکوك و زۆر تا کەم ســۆزێکمان نییە بۆ ئەو شــارە، ئێســتا شەڕ و ناکۆکی ناوچەکە لەســەر کەرکوکە و مەرج نییە ئێمە کەرکوك تەنیا بەسیاسەتمەداران چارەسەر بکەین، ئەی هونەرمەندانی کــورد کاریــان چییە، ئێمە ئەو هەموو هــاوارە دەکەین، کوا پڕۆژە و فیســتیڤاڵ و کارو چالاکییەکانمان، ئێمەش دەبێ باڵێکی چالاك بین بۆ پێشخستنی شاری کەرکوك بۆ ئەوەی بڵێین بەڵێ کەرکوك شارێکی کوردســتانییە، هەروەها لە رووی نەتەوەییشەوە ئیلتزامێکی ئەخلاقییە بەرامبەر بە وڵات و ئەمە مافێکی خۆمە ئەمەش پاڵنەرێکی سەرەکی بوو بۆ ســاز کردنی ئەو ئاهەنگە، هەروەها پێشتر بەڵێنم بە هەوادار و گوێگرانــی خۆم دابوو کە لە کەرکوك ئاهەنگێك ســاز بکەم، من بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ لە زۆر شوێن بانگهێشت کرا بووم بۆ ئاهەنگی ســەری ســاڵ لە هۆتێلی چوارچرا و شــیراتۆن و خانزاد لە هەولێر و چەند شــوێنێکی شاری ســلێمانی، بەڵام دواجار بڕیارمدا من لە ئاهەنگی شاری کەرکوك بەشــداری بکەم و بە دیداری جەماوەرەکەم شاد بم.

*** کێ هاوکاری کردی لە سەرکەوتنی ئاهەنگەکە؟**

- بەڕاستی زۆر هاوکاری کرام لە لایەن هەموو بەرپرسەکانی شاری کەرکــوك، رەنگە لە لایەنی تەکنیکــی و دەنگەوە زۆر باش نەبووبێت یاخود بەدڵمان نەبووبێت، بەشــێوەیەکی گشتی لە رووی جەماوەرییەوە زۆر سەرکەوتوو بوو بە جۆرێك ئێمە خۆمان پێشبینی ئەو پێشوازییەی جەماوەر و ئەو ســەرکەوتنەمان نەدەکرد، بەڵام لە ئامانجی سەرەکیمان کە دڵخۆش کردنی جەماوەری کەرکوکە زۆر سەرکەوتوو بووین و دڵمان ئاسوودە بوو.

*** ئەوەی سەیری کارە هونەرییەکانی سامان عومەر بکات تێبینی ئەوە دەکات کە گۆرانی و ســروودی بە شــێوەزاری کرمانجی کەمە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

- بڕواتان هەبێت هیچ هۆکارێك لە پشــتەوەی ئەمەوە نییە، تەنیا ئیحساســە رەنگە من ئیحساســم بۆ ئەم کارە نەبێت، ئیحســاس بەو مانایەی من تا ئێســتا ئاوازێکی لەو جۆرەم نەدۆزیوەتەوە کە لەگەڵ مندا بگونجێت، مەرج نییە من لاسایی بکەمەوە و مادام ئەوانەی پێش من گۆرانییان بە زاراوەی کرمانجی گوتووە پێویستە منیش بیڵێم، هەر کاتێك میلۆدی و ئاواز و تێکســتێکی جوان هاتە بەر دەســتم و زانیم لەگەڵمدا دەگونجێ بۆ نایڵێم و رەنگە لەم سیدییە نوێیەشمدا کارێکی لەو جۆرە هەبێت.

***کەواتە تۆ تێکەڵ کردنی زاراوە کوردییەکان چۆن دەبینی؟**

●●●

**پێویستە شەڕی دژە کۆپی هەر بەردەوام بی تا هونەرمەندانی کورد دەگەنە ئامانجی خۆیان**

●●●

دیمانە/ خەلیل بلەیی
Xalil2001@yahoo.com

- یەکێك لە کارە گرنگەکان ئەوەیە کە پێویستە ئێمە ستایلێکی زمانی تایبەت بە خۆمان هەبێت، ڕەنگە ئێمە بتوانین لە ڕێگای مۆسیقاوە ئەم کارە بکەین، ئەدیب و نووسەران لە ڕێگای خامەکانیانەوە و هەر کەسێك لە شوێنی خۆی، بە گشتی پێموایە ئەم تێکەڵ کردنە کارێکی زۆر باشەو یەکبوونەوەی زمانە بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی هەموو کارەکان شێواز و ستایلێکی جوانی کوردییان بۆ دابنێین.

*** ئایا شیعرە کلاسیکییەکان بۆ ئێستا دەشێن بکرێن بە گۆرانی؟**

- مەسەلەی شیعر ڕیتمە، کاتێکی سەیری شیعرێك دەکەم ڕیتمەکەی دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی بزانم ئایا بۆ من باشە، من شیعری مەحوی و مامۆستا گۆران و مامۆستا دیلانم هێناوە و کردوومە بە گۆرانی کە چەندین ساڵ بەر لە ئێستا گوتوویانە، ڕیتم و شیعر و ئاواز حوکم لەسەر ئەوە دەدەن گۆرانیبێژ چ ئاوازێك یان شیعرێك لە گۆرانیدا بەکاربهێنێت.

*** لە کوردستان شاعیرانی گۆرانی بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی زۆر کەمە، بوونی شاعیرانی گۆرانی تا چەند گرنگە؟**

- ئێمە هەمیشە گوتوومانە کاتێك دەست بۆ شاعیرێك درێژ دەکەی پێویستە ئەوەندە کەشکۆڵێکی شیعری جوانی پێ بێت بۆ هونەری کوردی کە دانەمینێی، بێگومان ئەمە یەکێکە لە گرفتەکانی ئێمە، چونکە ژمارەی شاعیرانی گۆرانی زۆر کەمە لەنێو ئێمەی کورددا،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کەم تا زۆر خەریکە شاعیرانی باش دەردەکەون کە قەڵەمەکەیان تەنیا بۆ کاری گۆرانی ئامادە دەکات کە جێگای خۆشحاڵییە بۆ ئێمە.

*** ئایا تەکنیك و تازەگەری دەتوانن داهێنان و شتی نوێ لە هونەردا دروست بکەن؟**

- هونەر لە هەموو دونیادا ڕۆژ دوای ڕۆژ لە پێشکەوتندایە، من پێموایە پێشکەوتن لەوەدایە تۆ لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەمدا هەنگاو بنێی، بەڵام ناکرێ تۆ حوکم لەسەر کارەکەی خۆت بدەی و پێت وابێت مادام تۆ ئەو کارەت کردووە ئیدی بڵێی ئەم کارە سەرکەوتووە.

*** هونەری گۆرانی کوردی بەردەوامە، بەڵام پێت وا نییە ئەمە لەسەر حیسابی ڕەسەنایەتی نەبووە؟**

- نەخێر بە بڕوای من لەبەر ئەوەی ڕەسەنایەتی پێویستی بە هەڵوەستەیەکە، دەکرێ باسی فۆلکلۆر و ئەو کارانەی بکەین کە کاریان لەسەر دەکەین، هەموو میللەتان فۆلکلۆریان هەیە و شانازیی پێوە دەکەن، کاتێك کاری نوێ و سیستەمی تازە دێتە پێشەوە و هونەرمەند و ستایلی نوێ دێنە ئاراوە، لە هەموو جیهان ئەمە هەیە و کوردیش لێی بێبەش نەبووە.

*** خوێندن و بە ئەکادیمی بوون بۆ هونەرمەند تا چەند گرنگە؟**

- بەڕای من یەکێك لە کارە پێویستەکان ئەوەی مرۆڤ بتوانێت بخوێنێت، خوێندنیش بەو مانایە نا کە پێویستە هونەرمەند ژەنیارێکی باش یان خوێنەرێکی باش بی بۆ مۆسیقا، بەڵام دەبێ شارەزایەکی باشی هەبێت، بێگومان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هونەرمەند هەیە کە خۆی بۆ خۆی بتوانێت چۆن میلۆدییەکان هەڵبژێرێت و تۆن و ئیقاعەکان بناسێت و هەست بە لێپرسینەوەیەکی زیاتر دەکات و لە چ شوێنێك پێویستە جێگۆڕکی بکات لە ئاواز و زۆر بە وردی هەست بەوە دەکات، خوێندنەوە بۆ مۆسیقا یەکێکە لە کارە زەروورەکان.

*** ئەگەر پێداچوونەوەیەکی وردی خۆت بکەیت، ئێستا خۆت لە چ قۆناغێکی هونەریدا دەبینییەوە؟**

- بێ موجامەلە من هەمیشە کار دەکەم، کاتێك سیدییەك دەردەکەم دوای بڵاوبوونەوەی هەست بە کەموکوڕییەکانی دەکەم، لەبەر ئەوە من تا ئێستا لە شوێنێك نەوەستاوم بڵێم ئەوەندە کاری جوانم بۆ وڵاتەکەم کردووە و ئیتر پێویست بە کاری دیکە ناکات، زۆر جار بیر لەوە دەکەمەوە دەڵێم دەترسم تا ئەو ساتەش کارێکی وام نەکردووە بۆ دواجار ناوم لە لاپەڕەیەکی مێژوودا بنووسرێ، بەراستی زۆر لەوە دەترسێم.

*** باشە پێت وایە شوێنی خۆت لەنێو هونەرمەندانی کورددا کردۆتەوە؟**

- تا ئێستا، نەخێر.

*** ماوەیەك بەڕێوەبەری کۆمپانیای چوارچرا بووی لە شاری سلێمانی ئەو کارە چ کارتێکردنێکی هەبوو لەسەر ئاستی هونەری تۆ بەتایبەتی بۆ ئەو کات؟**

- من تا ئێستاش لەگەڵ کۆمپانیای چوارچرام هاوکارم و کاریشیان لەگەڵدا دەکەم، ئەو کات کۆمپانیای چوارچرا کاری زۆر بوو لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندان، من ئەمە بە بەشێك لە خزمەتی خۆم دەزانم کە توانیبێتم نزیکەی ٤٠ بەرهەمی هونەرمەندان لە ڕێگای منەوە لە کۆمپانیای چوارچرا بڵاوبکرێنەوە، منیش کەمتەرخەمیم نەکردووە لە کاری خۆم و بە کارێکی زۆر باشم داناوە، وەك گوتم تا ئێستاش بەردەوامم لەگەڵیان.

*** ماوەیەکە هونەرمەندانی کورد لە شەڕێکی قورسدان دژی دیاردەی کۆپی کردن، پێت وایە تاکەی بەرگەی ئەم شەڕە دەگرن؟**

-پێویستە ئەو شەڕە هەر بەردەوام بی تا هونەرمەندانی کورد دەگەنە ئامانجی خۆیان، من داوا لە خەڵکی کوردستان دەکەم کە بە پیر بانگەوازی بەردەوامی هونەرمەندانەوە بێن و خۆیان لەم دیاردەیە بە دوور بگرن.

*** ئەو ئاهەنگانەی لە دەرەوەی وڵات سازت کردن، چ ئیزافەیەکیان هەبووە لەسەر کاروانی هونەری سامان عومەر؟**

- کار کردن هەر ئەوە نییە تۆ لەسەر شاشە دەرکەوی و کلیپێك تۆمار بکەی، بەڵکو پێویستە ڕووبەڕووی جەماوەرەکەشت بیتەوە، بێگومان ئەو ئاهەنگ و کۆنسێرتانەی لە دەرەوەی وڵات سازم کردن بوو بە هۆکارێك بۆ ئەوەی لە نزیکەوە جەماوەرەکەم ببینم و پێیان ئاشنا بم، و کارەکان سەرکەوتوو بوون، ئیزافەی ئەو کۆنسێرتانە ئەوە بوو کە ڕەنگە کارەکانی منیان قورستر کردووە، چونکە کە ڕووبەڕووی جەماوەر دەبیتەوە ئەو کاتە دەزانی خۆشەویستی و هەستت بەرامبەر بە جەماوەر چییە و بە پێچەوانەشەوە، بۆیە بەردەوام دەبم لەم ئاهەنگانە هەرچەندە ئەو ئاهەنگانە کاتێکی زۆریان لێکردم و بوونە هۆی دواکەوتنی بەرهەمی نوێم، هەرچەندە خۆم پەلە ناکەم لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی نوێ .

*** ئەی چ جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ ئەو ئاهەنگانەی لە کوردستان سازت کردوون؟**

-خۆشبەختانە جەماوەرەکەم لە هەر کوێیەك بووبن یان لە کوردستان هەمان پێشوازییان لە کارەکانی من کردووە و لە ڕووی پێشوازییەوە هیچ جیاوازییەك بەدی ناکەم.

*** ئایا هیچ لە گۆرانییەکانت دەربڕی واقعی ژیان یان بەسەرهاتی تۆ بوون؟**

- من هەر ئەوە دەڵێم کە ڕاستگۆییە بۆ کارەکانم.

*** زۆر لە گۆرانییەکانت غەریبین یاخود خێرا نین، ئایا لە بەرهەمی داهاتووت لەسەر هەمان ڕێچکە بەردەوام دەبیت یان گۆرانی خێراشی تێدایە؟**

- لە سیدی پێشوومدا هەندێك گۆرانی خێرای تێدا بوو، بێگومان لەم بەرهەمەی داهاتووشمدا گۆرانی خێرا دەبێت.

***وەك مرۆڤێك چۆن خۆت پێناسە دەکەی؟**

- وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی ئەو وڵاتەم.

*** بەچی دڵتەنگ و دڵخۆش دەبی؟**

-هەمیشە ئەو کار و هەستانە بۆ کات و زەمەن دەگەڕێتەوە واتە بە گوێرەی کات.

**دڵخۆشی و دڵتەنگی من بۆ کات و زەمەن دەگەڕێتەوە**

**مەرج نییە من لاسایی بکەمەوە و مادام ئەوانەی پێش من گۆرانییان بە زاراوەی کرمانجی گوتووە پێویستە منیش بیڵێم**